# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر پیاوێکی بکردایەتە سەرکردەی سوپایەک یان مەفرەزەیەک؛ فەرمانی پێدەکرد بە تەقوای خوای گەورە وچاک مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو مسوڵمانانەی لەگەڵیدا دەردەچن

بورەیدەی کوڕی حوسەیبی ئەسلەمی -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر پیاوێکی بکردایەتە سەرکردەی سوپایەک یان مەفرەزەیەک؛ فەرمانی پێدەکرد بە تەقوای خوای گەورە وچاک مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو مسوڵمانانەی لەگەڵیدا دەردەچن، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەیفەرموو: «بە ناوی خواوە و لە پێناوی خوادا بجەنگن، بجەنگن دژ بە کەسانێک کە باوەڕ بە خودا ناهێنن، بجەنگن وخیانەت لە دەستکەوتەکانی جەنگ مەکەن، چونکە دابەش دەکرێت بەسەرتاندا، غەدر وستەم مەکەن (پەیمانەکان مەشکێنن)، لاشەی کوژراوان مەشێوێنن، منداڵ مەکوژن، ئەگەر ڕووبەڕووی دوژمنە بێباوەڕەکان بوویتەوە بانگهێشتیان بکە بۆ سێ شت، -یان سێ سیفەت- هەرکامێکیان جێبەجێکرد لێیان وەربگرە و وازیان لێبهێنە، پاشان بانگهێشتیان بکە بۆ سەر ئاینی ئیسلام، ئەگەر وەڵامیان بە بەڵێ بوو لێیان وەربگرە، و وازیان لێبهێنە، پاشان بانگهێشتیان بکە کە لە شوێنی خۆیانەوە بگوێزرێنەوە بۆ شوێنی کۆچکەران (بۆ مەدینە)، ئاگاداریان بکەرەوە ئەگەر ئەوەیان ئەنجامدا ئەوا هەر مافێک بۆ کۆچکەران هەیە بۆ ئەوانیش هەیە، وهەر ئەرکێک دەکەوێتە سەر شانی کۆچکەران دەکەوێتە سەر شانی ئەوانیش، جا ئەگەر ئەوەیان ڕەت کردەوە وشوێنی خۆیانیان بەجێنەهێشت، ئاگاداریان بکەرەوە ئەوانیش وەك عەرەبە موسوڵمانە دەشتەکیەکان وان -وەکو ئەعرابیە مسوڵمانەکان وان-، ئەو حوکمەی خوایان لەسەر جێبەجێدەکرێت کە لەسەر باوەڕداران جێبەجێدەکرێت، بەڵام لە دەستکەوتی جەنگ ودەستکەوتەکانی تریش (الغنيمة و الفيء) هیچیان پێنادرێت، مەگەر ئەوەی شان بەشانی موسڵمانان جیهاد بکات ئەگەر ئەمەشیان ڕەت کردەوە؛ ئەوا داوایان لێ بکە سەرانە (باج) بدەن، ئەگەر ڕازی بوون لێیان وەربگرە و وازیان لێبهێنە، ئەگەر ڕازی نەبوون داوای یارمەتی وپشتگیری لە خودا بکە، و لە دژیان بجەنگە، وئەگەر گەمارۆی خەڵکانی نێو قەڵایەکت دا، وداوایان لێکردیت پەیمانێکیان لەگەڵدا مۆر بکەیت بەناوی خودا وپێغەمبەرەکەی -صلى الله عليه وسلم- ئەوا لەگەڵیاندا مۆری مەکە، بەڵکو خۆت وهاوەڵەکانت پەیمانی پارێزراوی خۆتانیان بدەنێ چونکە ئەگەر ئێوە پەیمانی خۆتان و هاوەڵەکانتان بشکێنن ئەوا ئاسانترە لەوەی کە پەیمانێک بەناوی خوا وپێغەمبەرەکەیەوە بشکێنن، خۆ ئەگەرخەڵکانی نێو قەڵایەکت گەمارۆدا، وداوایان لێکردیت کە حوکمی خودایان بەسەردا جێبەجێبکەیت، ئەوەیان لەگەڵدا مەکە، بەڵکو حوکمی خۆتیان بەسەردا جێبەجێ بکە، چونکە تۆ نازانیت کە ئایا وەکو پێویست دەتوانی بڕیار وحوکمی ڕاستی خوایان لەسەر جێبەجێ بکەیت یان نا».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

بورەیدە -ڕەزای خوای لێبێت- هەواڵی ئەوە دەدات کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سوپایەک یان مەفرەزەیەکی نارد بۆ جەنگ دژی کافرەکان؛ وکەسێکی وەکو سەرکردە دانا لەسەر ئەم سوپایە بۆ ئەوەی یەکگرتوو بن ویەکڕیزییان پارێزراو بێت وکاروباریان بەڕێوە بات، وفەرمانی بە سەرکردەکە کرد کە تەقوای خوای گەورە بکات وله خودا بترسێت وسنووری حەرامکراوەکان تێنەپەڕێنێت وبە باشی مامەڵە بکات لەگەڵ ئەو مسوڵمانەی لەگەڵ ئەودا دەردەچن، پاشان ڕێنمایی کرد سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن بەرامبەر دوژمنەکان، پێویستە : 1/ خۆیان بپارێزن ودوور بن لە دزی کردن لە دەستکەوتەکانی جەنگ، 2/غەدر وستەم نەکەن (پەیمان مەشکێنن ئەگەر ئەوان پەیمانیان نەشکاند بەڵام ئەگەر ئەوان پەیمانیان شکاند ئەوە حاڵەتێکی ترە)، 3/ لاشەکان نەشێوێنن پاش ئەوەی

کوژران، 4/ ئەوانە نەکوژن کە بەشداری جەنگیان نەکردووە وەکو منداڵەکان وبەتەمەنەکان وئافرەتەکان وئەوانەی لە پەرستگاکاندان، 5/ دار مەشکێنن وشوێنی ئاوەدانی تێکمەدەن، لەگەڵ چەند ڕێنماییەکی تر کە لە فەرموودەی تردا زۆر بە ووردی وجوانی باسکراوە، وپێویستە سەرەتا بە بانگەشە کردنیان بۆ هاتنە نێو ئاینی ئیسلام دەستپێبکەن، ئەگەر وەڵامیان دایەوە ئەوا پێویستە کۆچ بکەن بۆ مەدینە، وفێریان بکەن ئەوەی بۆ ئەوان دەبێت بۆ موهاجیرەکان (کۆچکەرەکان) وئەنساڕیەکانیش (پشتیوانەکانیش) دەبێت وئەوەی لەسەر ئەوان دەبێت لەسەر موهاجیرەکان وئەنساڕیەکانیش دەبێت؛ ئەمیش لە ڕوانگەی ئەرک وماف و واجباتەکانەوە، ئەگەر نەیانویست کۆچ بکەن ئەوا وەکو ئەعرابیەکان (ئەو عەرەبانەی لە دەشت دەژین) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، ئەگەر ئەمەشیان ئەنجام نەدا ئەوا پێویستە باج (جزیە) بدەن، ئەگەر باجیان نەدا ئەوا پێویستە پشتیوان بە خوای گەورە دەست بکەن بە جەنگ لە دژیان، وئەگەر مسوڵمانان دەوری خەڵکانی هەر قەڵایەکیان دا (تەوقیانیان کرد) ئەوا نابێت بەناوی خودا وپێغەمبەرەکەی پەیمانیان پێبدرێت بەڵکو دەبێت پێویستە مسوڵمانان بەناوی خۆیانەوە پەیمان بدەن، چونکە ئەگەر ئەم پەیمانەی بە ناوی مسوڵمانانەوەیە شکێنرا تاوانەکەی کەمترە لە شکاندنی پەیمانێک کە بەناوی خودا وپێغەمبەرەکەیەوە بێت، وبەهەمان شێوە ئەگەر خەڵکانی نێو قەڵاکە داوایان لە مسوڵمانان کرد کە حوکمی خودایان بەسەردا جێبەجێ بکەن ئەوا مسوڵمانان نابێت حوکمی خودایان بەسەردا جێبەجێ بکەن چونکە لەوەیە حوکمێک بکەن بەناوی حوکمی خوداوە ولە ڕاستیشدا حوکمی خودا نەبێت یان لەوەیە لە جێبەجێکردنی حوکمەکەدا ڕاستی نەپێکن، وئەمیش تاوانە، بەڵکو دەبێت مسوڵمانان بە پێی توانا وئیجتیهادی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن وحوکمیان بەسەردا جێبەجێ دەکەن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5933